بە تەنیشت غەریبی دا

کازم بیتوێنی _ ستکهۆڵم
بۆ م.سابیر

سەراپا تاریك داهاتوم
پەنجەرەی ژوورەکەم نابینم
تا لێیەوە بروانمە گوڵێکی ناو
حەوشە
روانینم کاڵبۆتەوە
سەفەری سپی تۆ نابینم
سەفەری سپی تۆ بۆن ناکەم
باوەڕ بە چۆڵ بوونی
جێگاکەت ناهێنم
لە ناو تەنهایی هەلا هەلای
خۆمدا
هەمیشە لە لامی و
هەمیشە شەرمانە
لەسەر هەڵفڕینی کۆترێك پێکنایەین
لەسەر هەستکردن بە گەرمی دڵی با لە شەڕین
من دەڵێم با ئەبەدیترین موسافیرە
تۆ دەڵێی با موسافیرێکی دڵشکاوە
تۆ دەڕۆیت و
گۆڕانی بۆ سەفەری خۆت دەڵێی
بەڵام من پەلکێك لەو گۆڕانی یەت نابیستم
هەمیشە لەگەڵم لە پیاسەی
هەمیشە لەمەڕ سێو بۆم دەدوێ ی
هەمیشە لەگەڵم لە پیاسەی
بە تەنیشت بەهەشت و دۆزەخ دا
ڕێدەکەین
بە تەیشت غەریبی خۆماندا
ڕەتدەبین

سیپتەمبەری ٢٠٠٤

قسەیەکم هەبوو بەرلەهاتنی وەرزی گریان !!

بەکر ئاڵەیی

هەناسەم تەنگ ئاوساوە
لەئازار
پڕە لەدووکەڵی برین و تەژییە
لەماچی ماندوو
لێوانلێوە لەمێژو لەسەراب و
لەئەندێشەی فرین
پڕە لەگەواڵەی فرمێسك و
لەچەغماخەی زامی نوستوو.
سپێدە هات و من هەر
پەروانەی زانی ژانم
تاریکایی بەرۆخی مردنم
دەناسێنێ
هەناسەم تەنگ، وەختێك
سەحەرهات
فرینی نەغمەکانتم باڵیان
دەشکێ
ژوان نوێژی ڕەنگی ئازارەکان
دەکا
سەرم دەبێتە کانگای برین
ئەوەتا هەناسەم بۆنی گریان
دڵەڕاوکێی لێدێ
خەونی ترسان و شکان
دەبینم
دەپرسم کوائەو ڕوحەی
دوای ئەو ڕەنگە کەوتبوو
لەئەزەلدا
وێنەی ئەوینی کێشابوو؟
لەپێکەنینی خۆری ئێواراندا
ئەو ڕوومەتی سروشك و
وێنەی ماچی یەقین بوو!
ئەو لەعادزبوونی گوڵە
وەنەوشیەکانی منداڵی دا
وێنەی شوشە
پڕاوپڕی لوسی دەنوست.
وەك شوشە
پارچەکانی حەیرانی ئاوێزە
دەبون و
ڕەنگەکانی تێکەڵ دەکرد.
وەك شوشە هەڵەکانی وێنا
دەکردو
ماچە مەستەکانی دەکرد
بەشیعر.
ئەو
لەئێوارەدا لەناوپەنجەکانیدا
خۆر دەپەیڤی و
مەست مەست دەبوو
بۆگۆرانی.
ئەوەتا
هەناسەم تەنگ ئێستا
نەشوشە دەبینم
نەهەستی حوزن و غوربەتیم
دەنوێ.
نە(بادە) هێور دەبێ و
نەسروشت لەناخمدا
سروتەکانی دابەشدەکا.
لەگەڵ مۆسیقا
دوورکەوتینەوە لەئاو
لەنەسیمی کانی و
لەجوانیەکانی ئاوێزە
لەلیکی گێلاس و کڵوکە
سورەکانی سپێدە.
هەناسەم تەنگ بووە
هێندەی نەماوە بمرم و
یاداشتەکانی سیعر
لەبیربکەم
هێندەی نەماوە ئاماژەکان
بزربن و
پارچە پارچە بێ هەناسەم.
هەناسەم تەنگ وێنەی پەیڤە
داپۆشراوەکانی
بەڵاڵوکی ڕەشتاڵەی سەما
وێنەی هەورێکی پڕژان و
چێژ وەرگرتنێکی هەرزەین.
من لەچێژی خەنی بوون و
ئەوین دا بووم
گریان هاتە سەرنیگام و
جێی نەهێشتم
دڕدڕی کرد فرمێسکم و
ووتی بنوو.
هاتە ناو تاریکاییەکانی
ڕووحم
وشك وشکی کرد هەناسەم
ووتی بنوو
هاتە ناویاداشتی منداڵیم و
نەفرەتی کرد لەئەندێشەم
ووتی بنوو
ئێستا بچوك بچوك بۆتەوە
هەناسەم
بۆم ناکرێ بچم
بۆ ئەو یادەی نیگامی
لەباوەشدایە
وێڵی ئەو ساتە ببمەوە
ئاونگی عەشق دەڕێژێ و
دڵۆپ دڵۆپ دڵی منی لایە.
دەگەڕێم تاگریان بڕدەکا
دەگەڕێم
تا سپێدە لەماڵی هەناسەم
تەردەبێ دەگەڕێم
تابڕوسکە لەڕوحمدا شایی
دەکاو
ماندوو نابێ دەگەڕێم.
تا شیعر
لەباڵای زەردەخەنەدا
بەرامانی ئەشکم دەگا
دەگەڕێم
دەگەڕێم
دەگەڕێم
بۆ سۆراغی چرکە یاخی
بووەکانم دەگەڕێم
بۆ چرینی نەغمە دوورەکانی
یادەوەری
بۆ ئەو لەحزە سورانەی ماچ و
ئەوروانینەی منی خولقاند
دەگەڕێم.
تا کەڤزین و کەوشن
و ئازاری مۆرانە دەنێرم و
دەگەڕێم
تاکوانوی هەرەس و سەرەابی
ئەشکەنجە دەشکێنم و
دەگەڕێم
تا هەڕێن و
سەمەروونی وەرینی گەلاٚ
تێدەگەم
دەگەڕێم
دەگەڕێم
ئاخم لەخەمی بوونی دوای
ژوان و
سینگم لەپەیڤ و درووەی
وێران جمەی دێ
شکاوە باڵی (چڤیك)و
ماندوو بووە نابینێ ماڵی
هەناسەم ، هەناسەم تەنگ
شکاوە سروشکی نمەی گەلاٚ و
نارژێ وەك جاران
ناسکی (کەرهی)و
موحیبەتی ڕەنگەکان
ئەوەتا ترساوە هەناسەم
لەئاوێزەی ڕازو
لە ڕژانی بێ مروەتی
ترساوە دڵم
لەڕژانی ڕاچەنین و
دواتر پەی بەجێماوی خۆی
ترساوە
جەستەم بۆنی گریان و
ترازانی هەناسەو
ڕووخانی هەستەکانی
لێدێ.
تەنگ تەنگە هەناسەم
ڕۆیشت و نایەتەوە نیگای
سەحەر
تادێ نەسیم تورەدەکا.
ڕۆیشت و نایەتەوە چێژی
باخچە
بەهار تادێت
ئاوێزانم دەشێوێنێ و
ڕوحی سپی بەیانیانم
لێ وردەکا
تەنگ تەنگ بووە هەناسەم
گریان وەرزی خنکاندنی
سەماو
شکانی نەغمەجوانەکانی
ئەوین بوو
گریان تایتڵی ئازارو
سوتانی قسە نەرمەکانی
ئاوبوو.
هەناسەم تەنگ هەناسەم
تەنگ.

١.کەڤزین / ئاوی وەستاو
٢.چڤیك/ پاساری
٣.کەرهی/گیایەکی ناسکە
٤.هەرین/خۆڵاوی

تەماشا

عومەر حسین دەینوسێت

رانیەو شانۆ

شانۆ وەك دیاردەیەکی هونەریو کۆمەڵایەتی زیاتر لەنیوسەدەیە گەیشتۆتە رانیەو بەردیدو ئاوەزی خەڵکی دەڤەرەکە ئاشنابووە، بەڵام بەدرێژایی ئەو مێژووە، لەهەڵکشان و داکشانی بەردەوامدابووە. کەزۆرجاران بازاری زۆر گەرم و گوربووە خەڵکێکی زۆرلەدەوری کۆبونەتەوەو زۆرجاریش بازاری ساردو سرومت بووەو بۆماوەیەکی زۆر بێ دەنگ و بێ ڕەنگ بووە. بۆیە هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێت، شانۆ لەرانیە لەدیاردەیەکی کاتی و ساتەوەختیەوە نەیتوانیوە ببێتە دیاردەیەکی هەمیشەیی و بەردەوام، تەجاوەزی ئەوحاڵەتەکاتییە بکات، ببێت بەبزوتنەوەیەکی ڕێك و پێك و ستاندەر. ببێت بەخاوەن مێژویەکی بەردەوم و بونیادێکی کەلتوری و هونەری و مێژویی خۆی هەبێت.

لەتەماشای مندا شانۆی رانیە، سروشتی سۆبای هەبوەو هەیە، زستان زۆر بەبرەوبەرچاو بووە بازاری گەرم بووە، بەڵام لەهاتنی گەرمادا فەرامۆش کراوەو هەڵگیراوەتەوە، کەزۆرجار لەبیرچۆتەوەو لەبیرکراوە.لەسەرەتای هەشتەکانەوە هەتا ڕاپەرین، سەردەمی شکۆیی و زێڕینی ڕەوتی مێژوویی ئەوبزوتنەوە هونەریەبوو لەرانیە، بەڵام ئەوساش نەیتوانیوە سروشتی(سۆبا) یی لەخۆی دابڕێت! بۆیە ئەگەر وەك شانۆی قوتابخانەکانیش نەیبینین، ئەوە نەیتوانیوە خۆی لەدیاردەی شانۆی قوتابخانەکان جیابکاتەوە کەلەسەرەتای شەستەکان لەکوردستان بڕەوی هەبووە.

خۆ ئەگەر چی کارونمایشتەکانی لەناو گۆڕەپانی قوتابخانەکانەوە گواستۆتەوە ناو هۆڵەکان، بەڵام چونکە زیاتر خوێندکاران کاریان تێدا کردوە، زیاتریش لەوەرزەکانی خوێندندا دەرکەوتووە، بۆیە بەلای منەوە نەیتوانیوە خۆی لەڕەوتی شانۆی قوتابخانەکان جیابکاتەوە، ئەگەرچی خواست و هەوڵی باشیش هەبوەو دراوە، بەڵام چونکە زیاتر هەوڵ و کاری خوێندکاران بووە، بۆیە نەیتوانیوە لەسروشتی سۆبایی دوورکەوێتەوەو ببێتە بزوتنەوەیەکی هەمیشەیی ڕەسەن و ڕاستەقینە، سود لەئەزمونی مێژوویی وەربگرێت، بەردەوامیەکی هەمیشەیی بەخۆی بدات، هەموو ئەو ئەزمون و تاقیکردنەوانەی بەرایی کراون، وەك خەروارێکی هونەری و مێژوویی ئەزمونی لێوەربگرێت و گەشەی پێبدات و بالاخانەیەکی تۆکمەو جوانی لەسەر بنیات بنێ. بۆیە لەتەماشای مندا ئەوەی هەبوەو کراوە یا لەخەمێکی شێتانەو ساویلکانەوە یا لە حەزێکی سادەو ڕوت، یا لەمەبەست و بەرژەوەندیەکی تایبەتیەوە سەرچاوەی گرتوە، لەتەماشاو باوەڕی مندا، شانۆ هونەرێکی بەرزو پیۆزە، خاوەن پەیامێکی گەورو پیرۆزە، لەهەموو ئان و سات‌و سەردەم و ڕۆژگارێکیشدا، دەتوانێ دەورو ڕۆڵی باش کایە بکات.

بۆیە لێرەوە ڕووی قسەم دەکەمە، بەرپرسان و هەمووخەم خۆرانی شار، هەموو عاشقانی ئەم هونەرە، کەبیریکی باش لەو هونەرە بکەینەوە، تۆزێك بایەخ و بەها بۆ ئەوهونەرە بەرزو پیرۆزە بگێرینەوە، بیر لەداهاتوو ئایندەی ئەو هزرە بکەینەوە، تابتوانین دەورو ڕۆڵی خۆی کایە بکات‌و سیمایەکی شارستانیانەتر بەو شارە بدات. کەئەوە بەلای منەوە بەپلەی یەك بەوەدەبێت:

١. دامەزراوەیەکی فەرمی خۆی هەبێت.
٢. هۆڵ و بینای تایبەتی خۆی هەبێت.
٣. لەخوێندنگاکاندا هەوڵبدرێت منالان‌و مێرمندالان بەو هونەرە ئاشنابکرێن.
٤. پەیمانگای هونەرەجوانەکانی رانیە، بیر لەوەبکاتەوە بەشی شانۆ لەپەیمانگاکەیدا بکاتەوەو مامۆستای شارەزاو پسپۆر بێنێت.. هتد.

بەوهۆیەشەوە دەتوانین وابکەین شانۆ لەدیاردەیەکی کاتیەوە بکەین بەدیاردەیەکی هەمیشەیی و هونەری بناغەی شانۆیەکی هونەری بەرز بۆ ئایندەی ئەم شارە بنیات بنێین و داهاتوی شانۆی ئەم شارە گەشاوەتربێت.

دوو نوسەری رانیە لە فیستیڤاڵی گەلاوێژ وەرگیران

هەریەك لە عومەر حسێن چیرۆك نوس‌و سدیق عەلی شاعیر لە فیستیڤاڵی ئەمساڵی گەلاوێژدا وەرگیران، کە لە ٢٠/ ٢٠٠٧/١١ لە سلێمانی ساز کراو تا ئێستاش بەردەوامە، لەشاری رانیەدا تەنیا ئەوان بەشداریان کردووەو عومەر حسێن، بەچیرۆك‌و سدیق عەلی بە شیعر لە چەندین فیستیڤاڵی تردا بەشدار بوون‌و خەڵاتیان وەرگرتوە، فیستیڤاڵی گەلاوێژ کە ساڵانە بنکەی ئەدەبی‌و روناکبیری گەلاوێژ، سازی دەکات، لە هەمو پارچەکانی کوردستان‌و خواروی عیراق‌و ئێران، نووسەران بەشداری تێدا دەکەن، نووسەرانی رانیەش هەمیشە بەشیان لەو بەشداریەدا هەبوەو زۆر جار خەڵاتیان وەرگرتوە.